# تاكوردسەربەخۆنەبێ عارەبخاكی كوردستانیش بەخاكی خۆیان دەزانن!!

## ئەحمەد دەشتی

من پێم وایە ئەوانەی كە فرچكیان بە دوژمنایەتی گەلی كورد گرتووە قەت و قەت لە گەل گەلی كورد پاك نابنەوە و كورد بە دۆستی خۆیان دانانێن وخاكی كوردستانیش هەر بە خاكی عارەب دادەنێن !!!!!بە داخەوە تەنیا كوردە كە ئەوان بە برای خۆ دەزانێت ، ئەوان شۆڤێنیانە هەرگیز كورد بە خاوەن ماف و كوردستان بە خاكی كورد نازانن و هەرگیز دان بە ژیانێكی ئازادو ڕەهایی بۆ كوردو كوردستان دانانێن!!

زۆر لە مێژە و ساڵەهایە كە ئەم هەستە كەسیف و بۆگەنەی شۆڤینیەتی عارەبان سەری هەلداوەو دژ بە هەموو ویست و خواستێكی گەلی كورد هەر ماون و ڕەفتار دەكەن و وەستاون و دەوەستن ، دەبینین بە زۆر ناوەوە ئەوان ماوە بە ماوە لێمان قیت دەبنەوە و زۆر بە ڕاشكاوی دژ بە گەلی كوردی ستەم دیدە دەوەستن و هیچ ڕێزێكیش بۆ هاوپەیمانەتیشیان دانەناوەو قەتیش ڕیز دانانێن،لە گەل ئەوەش دا كە ئەوانیش چاك دەزانن كە ئەم هەموو كارەسات و ماڵ وێرانیانەی كە بە سەر گەلی كورد و كوردستنان هێندراوە هەمووی لە سایەی ئەو هەستە كەسیفانە بووە كە ئەو دڕندانەی دیرۆكی و داگیركەرانی كوردستان و بە تایبەتی ڕژێمەكانی یەک لە داوی یەكەكانی عێراق و هەستی دكتاتۆرەكانی وەكو سەدام لە هەموو كاتێک دا كە هاتوونەتە سەركارو بۆیان لواوە و ئەوا دڕندانە سەریان هەلداوە و پەلاماری خاكی كوردستانیان داوە و قەتیش واز ناهێنن ، ئەوان هەست گلاوانە هەمیشە دوژمنكاریان دژ بە گەلی كورد ئەنجام داوە و خۆیان بە سەر كوردو كوردستان دا سەپاندووە،هەر لەو كەتەوە كە بەناوی دینیانەوە خۆیان سەپاندووەو ئەم هەموو دەولەتانەی عارەبیان دروست كردووە دەولەتی عیراقیشیان لەو سایەوە وەدی هێناوە ئەوا بەو هەستە شۆڤێنیەیانەوە دژایەتی گەلی كوردو كوردستانیان كردووە و گەلی كوردیان لە هەموو مافێكی نەتەوایەتی خۆی دا هەتا ئەمڕۆش بێ بەش كردووە و دژ بە گەلی كورد هاتۆنەتە مەیدان و بە هەزاران كارەسات و نالەباری و ماڵ وێرانیان دژ بە كورد و كوردستان وەدی هێناوە،هەتا ئەمڕۆش لێ نەگەڕاون كە عێراقێكی دیموكرات و پڕ لە ئاشتی و ئاسایش و عیراقێكی پیشكەوتوو و ئاوەدان و دوور لە ستەم و خاپور كردن وەدی بێت ، كە ئەمڕۆش كورد هەوڵی بۆ دەدات كە لەو سایەش دا گەلی كورد و هەموو كەمە نەتەوایەتیەكان بگەن بە مافی ژیانی سەربەرزانەو بگەن بە ڕێزی هەموو گەلانی پێشكەوتووی جیهان، ئلۆ هەرئەوان دكتاتۆرو شۆڤێنیانە بوینە كەوا ئەمڕۆش هەر ماون ،كەوا هۆكاری هەموو ماڵ وێرانیەكان بوینە و وا ئەمڕۆش لێ ناگەڕین كە هەموو خەڵكی عیراق بە كوردو

عارەب و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر کە لە سەر خاکی عیراق دا دەژین ئازادو ڕەها لە ناو ماڵ و زیدی باوک و باپیرانی خۆیان دا دوور لە چەوساندنەوەو سەپاندنی زولم و زۆرداری بە سەریان دا بژین ، بە تایبەتی گەلی کورد کە ئەگەر بۆیان بلوێتەوە قەت لێ ناگەڕین لە سەر خاکی کوردستانی خۆی دا سەربەرزانە بژیت،لەدوای ئەم هەموو وێرانی و کوشت و کوشتارو دەربەدەری و ئەو ڕوداوە ناخۆشیانەی کە ئەمڕۆش لە سەر خاکی کوردستان و عیراق ڕوودەدەن و ڕۆژێ نیە کا کارەساتێ لە سەر ئەم خاکە زێرینە ڕوو نەدات و گیانی دەها خەلکی بێ گوناه نەبێتە قوربانی هەستی خەراپکاران و ترۆریستان و ئەوانەی کە هەرگیز ئاسایش و ئارامیان ناوێت و هەر ئەوانن کە بوونەتە هۆکاری ئەو هەموو ماڵ وێرانی و ئاوارەیی و خوێن ڕشتنەی کە ئەمڕۆش وا دەیبینین.

بەلێ هۆکارە هەرە مەزنەکانی ئەم هەموو ڕوداوانەو نەبوونی ئاشتی و ئاسایش هەمووی دەگەڕیتەوە سەر ئەوەی کە هەتا ئێستاش وەک پێویست ڕێز لامافی چەوسینەرانی وەک گەلی کورد نەهێندراوەو هەمیشە هەولی ئەوە دراوە کە مافی ڕەوای گەلی کورد پێشێل بکرێت و گەلی کورد وەک هەمیشە ماف خوراوو بێ دەرەتان و دەربەدەرو ئەنفال و ئاوارە بکرێت و لە ناو زێدی باپیرانی خۆی دا هەر ژێر دەستی داگیرکەرە دڕنەکان بمینێ ، گەلی کوردو کوردستانی ئازیزو خۆشەویستی لێ زەوت بکرێت و دوور بێت لە مافی چارەنووسی خۆی،ئەمڕۆش کە هەڵێکی پیرۆز بۆ بەختەوەری هەموو گەلانی عیراق و بە تایبەتی گەلی کورد هاتۆتە ئاراوەو هەموو دڵسۆزانی کوردو دیموکراتخوازانی عێراق و مرۆڤ دۆستانی پاک و بێ گەرد لە هەولی دروست کردنی عێراقێکی فیدرال و دیمەکرات و ئازاد لە هەول و تەقەلا دان و دەیانەوێ کە جارێکی تر کارەساتەکانی ڕابووردو وەدی نێتەوەو کوردو هەموو گەلانی عیراق لە ژیانێکی شەرافەتمەندانەو ئازادو ڕەها بژین و گەلی کوردیش لە ناو ئەو عیراقە دا بەمافەکانی خۆی شاد ببێت و دەستورێکی پاکی هەمیشەیی بۆ هەموو گەلانی عیراق کە مافی هیچ کەسێ پێشێل نەکریت و لەو دەستورە هەمیشەییەدا مافی گەلی کوردو گەلانی تر دابین بکرێت و کوردستان وتەواوی عیراق بەرەو پێشکەوتن و ئاوەدانی و شادمانی بڕوات،کەچی دەبینین و دەبیستین کە شۆڤینیەکان و ئەوانەی کە هەر لە ڕابوردووش دا هۆکاری ئەو هەموو کارەساتانەی رابووردوو بوینە وا دێنەوە مەیدان و دژ بە کوردو کوردستان دەوەستنەوە و بە قەد تۆسقالێ پەندیان لەو ڕابوردووە پڕ لە نەحس و ناخۆشانەی مرۆکوژی دوێنێ و ئەمڕۆ وەر نەگرتووە،هەر بۆیەشە وا دژایەتی هەموو ویست و خواستەکانی گەلی کورد دەکەن و بە ڕاشکاوی دژ بە مافی فیدرالین و دەیانەوێت کە خاکی عیراق هەر بە بەشێک لە خاکی عارەبان بێت و

هیچ ریزێک له مافی گەلی کوردو کوردستانی زێدی باوک و باپیرانی کورد ناگرن و دژایەتی هەموو ویست و خواستەکانی هەزاران هەزار قوربانی دان و ماوەی ساڵها ساڵ خەبات و تیکۆشانی گەلی کورد دەکەن،هەرچەند کە گەلی کورد هەتا ئەم کاتەش دەیەوێت لە ناو عیراقێکی دیموکرات و فیدرال بە ئاشتی و ئاسایش و ڕێز لە یەکتر نان بژێت و بەڵام دەبینین کە ئەوان عارەبانە چۆن بیر دەکەنەوەو هەتا ئەمڕۆش هەولی وەدی هێنانەوەی کارەساتەکان دەدەن،کە من وەک کوردێک پێم وایە ئەگەر گەلی کورد بە مافی چارەنوسی خۆی کە سەربەخۆیی کوردو کوردستانە شاد نەبێت ئەوا هەر ئاوا دبین و بە تایبەتی لەم ڕۆژە دا ئەگەر کورد  زیاتر وەخۆ نەکەوتەوە و هەروا بە سادەیی و نەرمی بەرامبەر بە دوژمنانی دیرۆکی خۆی بوەستێت و کێشە گرینگەکان و مافە پێشێل کراوەکانی کورد هەر ئاوا دوا بخرێت و ئاکامەکانی سبەیَ رۆژ دیارن و ئەوان دوژمنانەی دوێنی و ئەمڕۆش هەر وەک جاران ماون و  هەر هەلێکیان بۆ هەل بکەوێت ئەوا دژ بە کوردو کوردستان ئەنجامی دەدەن و قەتیش دان بە مافی گەلیَ کورد نانێن بە تایبەتی بە مافی چارەنوس کورد ، نایەلن کە کوردو کوردستان ئازادو پڕ لە ئاشتی و ئاسایش بژیت و کەرکوکی دڵی کوردستان و هەموو ناوچە بە عەراباوی کراوەکان بگەڕێنەوە سەر خاکی کوردستان و هەموو کێشە هەلواسراوەکانی کە بۆ گەلی کورد خەتی سورن چارە سەر بکرێن و دوایی بە هەموو کێسەکانی کوردستان بهێندرێت،ئەوانەی کە ئەمڕۆش دژایەتی کورد دەکەن و یاساکانی سەدامی و ئەو هەموو گۆرانکاری و بە عەرەباوی کردنی کوردستان و ئەو هەموو دەربەدەر کردنی خەلکی کوردیان پیَ ڕاست و ڕەوایە و بۆیان بلوێتەوە خەراپتر بە سەر خەلکی کوردو کوردستان دێننەوە ، بۆیەکە گەلی کورد دەبیَ  هەرگیز باوەڕیان پی نەکات و بزانێت کە ئەوان پیاو خەراپانە و ئەو هەستە کەسیفانە لە ناو دەرونیان دا وا دروست بووینە کە هەمیشە دژ بە کوردو کوردستان بن و هەر بۆیان بلوێت هەموو ڕیسێکمان لیَ دەکەنەوە بە خوری و کارەساتەکان زیندوو دەکەنەوە.10.7.2005